ئەحمەد سکاڵای یاسایی دژی 20کەس تۆمارکات کە خیان بۆ "تۆژەری کۆمەڵایەتی" دەناسێن



ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق ئەمڕۆ شەممەی بۆیاریدا بە تۆمارکردنی 20 سکاڵای یاسایی لەدژی خاوەن ژمارە تەلەفۆن و پەیجی ساختەو ئەوانەی خیان وەک تۆژەری کۆمەڵایەتی دەناسێنن.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەحمەد موسەوی زاری سەرۆکی دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی رایگەیاندوە، بەپشتبەستن بە ڕێنمایی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەشی یاسایی دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی سکاڵای یاسایی لەبەردەم دادگاکانی تاوان لەدژی ئەم کەسانە تۆمار کردوە کە هاوڵاتیان هەڕەشەتێنن و فریویان دەدەن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بەشی یاسایی کۆمسیۆن لەماوەی سێی ڕابردودا هەزار و 77 دۆسیەی جۆراوجۆری تەواو کردوە، کە بەسەر دۆسیەی تایبەتدا دابەشکراون لەبەردەم دەستەی دەستپاکی و دادگاکانی تاوان، دادگاکانی دادپەروەری فەرمانبەران، دادگا کارگێییەکان، جگە

لەو 118 دەسیەی لێکۆڵینەوە لیژنەکان کە کارەکانیان تەواو بون.

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هێشداریداوە لەوەی، هەرکەسێك خێی بەتوژەری کۆمەڵایەتی بناسێنێت لەکاتگەی باوکردنەوەی ژمارە و پەیجی ساختەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ئاسایشی نیشتمانی روبەڕوی لێپرسینەوە دەبێتەوە.